# مۆنالیزا

گۆشەیەکە ڤینۆس فایەق ئەینووسێت

تێبینی: ئەم بابەتە 4ی مای 2007 لە گۆشەکەم بەناوی (مۆنالیزا) لە رۆژنامەی (ئاوێزە) لە ژمارە 47 لە سلێمانی بلاّوبۆتەوە..

## (دوعا) کچی من بوو

ئەو دەمەی ژنێك ئەمرێ ئەستێرەیەك لەئاسمان بەر ئەبێتەخوارێ ، ئەو دەمەشی ژنێك خۆی ئەکوژێت گوڵێك ئەخنکێ ، ئەو دەمەی ژنێك ئەکوژرێت ئەستێرەیەك ئەکوژێتەوە و گوڵێك خۆی ئەکوژێت.. ئەو دەمەی بە بلۆك (دوعا)شیان کوشت ، هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان شینیان ئەکرد و سوێندی تاریکیان خوارد ، هەرموو گوڵەکانی کوردستان گیانیان لەدەستدا لە ئاست دڕندەیی دڵی پیاوانی خێڵەکی و وەحشیەتی یاساکانی دارستان..

کوشتنی (دوعا) زەنگێکی گەلێ خەتەرناکە لەناو جەنگەڵستانێکی دڕکاویدا رامانئەچڵەکێنێ ، ئەو دەمەی هەموو لەسەر ڕانی بێ ئاگایی خەتووین و خوێن بە ژێرماندا رەت ئەبێت ، ئەو دەمەی لەبەر خۆری بێهۆشی چاومان نووقاندووە و ئازادی خوێنی لەبەر ئەڕوات..

ئاخر (دوعا) کچی من بوو ، بەلاّم من کچی ئەو خێڵە نەبووم و نابم ، ژنێتیم بێ بەریە لە پیاو ، هەناو نەفرەت و نیگەرانی لێ ئەچۆڕێ ، دڵم قسەی دەسەلاّت و حکومەت ئەهێنێتەوە ، چاوم بە خۆری دیموکراتیەتێکی درۆزن کوێربووە.. ئێ ئاخر (دوعا) کچی من بوو ، ئەو دەمەی ئەویش شەهیدبوو هەموو کتێبەکانی لەسەر لێبوردوویی ئایینەکان و ئایینە لیبوردووکان خوێندبوومنەوە عەقڵیان فریودام و گاڵتەیان بە خۆشباوەڕیم ئەهات ، گێلەیان پێدەکردم..

گریان بەشم ناکات ، مانا جێم ناکاتەوە ، هاوار سوکنایی نادات بە دڵی بیمارم ، نەدەستم دەگەیشتە دەستیان بیبڕمەوە ، نەچاوم ئەکەوت بە چاویان ریسوایانکەم.. کێ ئەتوانێ بێ بە هانای سکی سووتاومەوە ، کێ ئەتوانێ لە رازی بێ رازم تێبگات ، کێ دەستی ئەگاتە جەرگی کولاّوم ساردی کاتەوە..

ئەوەی لێی بێشکم ئەوەیە کوشتنی (دوعا) دەروازەیەکی فراوانی بۆ دەنگی ژن کردۆتەوە ، بۆ هاوار و بەگژاچوونەوەی نەگریسی عەقڵی چەوتی کۆمەڵگا ، چونکە ئەو رووداوە ناشارستانیە چەندین لێکەوتەی سیاسی و ئایینی و کۆمەلاّیەتی لێدەوەشێتەوە ، چەندین رەهەندی کۆمەلاّیەتی و ئایینی و دواتر سیاسیش هەڵدەگرێ ، چونکە ئەوە تەنها کوشتنی کچێك نیە بە تاوانی ئەوەی کوڕێکی خۆشویستووە ، ئەوە کوشتنی هەموو ماناکانی پاکی و پاکیزەیی و لێبوردوویە.. ئەگەر لە کۆمەڵگایەکا گەورەبیت و فێری ئەلفوبێی ژیان بیت کەباوەڕی بە خۆشەویستی و عەشق نەبێت ئەوە کارەساتە ، ئەو دەمە دەبێت هەموو عەقڵیەتی دواکەوتووی کۆمەڵگا رەجمکرێ ، چونکە کارەسات تەنها لە رەجمکردنی جەستەی ژنێکدا نیە ، بەڵکوو لەوەدایە هەموو ژنێك دوای (دوعا) پرۆژەیەکە بۆ رەجمکردن ، خودی خۆشەویستی دەبێتە پرۆژەیەك بۆ کوشتن و رەجمکردن ، بۆیە دەڵێم دەبێت هەموو ژنان دەست خەنە ناو دەستی یەك و گڕ بنێن بە عەقڵی دواکەوتووی کۆمەڵگاوە و، ئەو شۆڕشە بکەن کە سەدان ساڵە چاوەڕێن بیکەن ، ئەو شۆڕشەی خۆیانی پێ رزگار دەکەن لە ددانەکانی ململانێی ئایین و دەسەلاّتی پیاو ..

یەکەم هەنگاوی ئەو شۆڕشەش لە دەستوورەوەیە ، ئەو بڕگەیە بسڕنەوە و ڕەجمکەن کە دەسەلأتی ڕەهای بەخشیوەتە پیاو ، ئەویش یەکەم بە ڕەتکردنەوە و لەغووکردنەوەی بەندی حەوت کە ئایین دەکاتە بنەمایەك لە بنەماکانی یاسادانان ، دواتر داڕشتنەوەی دەستوورەکە بەو شێوەیەی سەد لە سەدی هەموو ماف و ئازادیەکان دەبەخشێـتە ژن..

هەنگاوی دووەم ئەوەیە چیدی ژن جەستەی خۆی نەسووتێنێت ، بەڵکوو گڕ لە جەستەی بێدەنگی بەدات و بەگژ بیری پیاوسالاریدا بچێتەوە.. سێهەم بەوەی ئیتر لەمەودوا هەر ژنێك سوتا یان کوژرا کەسوکاری دادگایی بکرێن ، چونکە بێ شکم لەوەی زۆربەی ئەو کچانەی ئەسووتێن ، ئەسووتێنرێن و دواتر ئەڵێن خۆی سووتان..سێهەم بەوەی لە خوێنی (دوعا) خۆشنەبین ، لە خوێنی هەموو ئەو ژنانە خۆش نەبین کە تا ئیستا کوژراون ، و داوا و پاڕانەوەی خاوەن دەسەلأتەکانیش بۆ بەردانی بکەرەکان بخەینە ژێر پێی مرۆڤایەتی و عەدالەتەوە..دەبا (دوعا) بکەینە سیمبولی خۆشەویستی و عەشق و هەموو ساڵێك جارێك لە یادی شەهیدکردنیدا و جارێك لە یادی ڕۆژی خۆشەویستیدا یادی بگێڕین..

**venusfaiq@yahoo.co.uk**